مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# رؤية المؤرخين لشخصية الخليفة المنتصر بالله (٢٤٧-٢٤٨ هـ)

م.ى. ريڤان غازي احمد

rivan.ahmed@su.edu.krd

قسم التاريخ- جامعة صلاح الدين – اربيل

أ.د.فائزة محمد عزت

قسم التاريخ – جامعة صلاح الدين- اربيل

fayza.izzat@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: المنتصر بالله ، التأريخ الإسلامي ، الخلافة العباسية ، هيمنة الجيش ، العدل ، قتل الأب.

**كيفية اقتباس البحث**

احمد , ريڤان غازي , عزت , فائزة محمد , رؤية المؤرخين لشخصية الخليفة المنتصر بالله (٢٤٧-٢٤٨ هـ),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# Historians' view of the personality of Caliph al-Muntasser (247-248 AH)

**Asst.lect.revan ghazi ahmed**
**rivan.ahmed@su.edu.krd**

**prof.Dr.faiza izzat**
**salahadin university- erbil salahaddin universety- erbil**
**fayza.izzat@su.edu.krd**

**Keywords** : al-muntasir bi-allah, islamic historiography, abbasid caliphate, military hegemony, justice, patricid

**How To Cite This Article**
Ahmed , revan ghazi , izzat faiza , Historians' view of the personality of Caliph al-Muntasser (247-248 AH) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ABSTRACT :

THIS STUDY PROVIDES A HISTORICAL AND CRITICAL ANALYSIS OF THE ELEVENTH ABBASID CALIPH, AL-MUNTASIR BI-ALLAH, WHO IS RECOGNIZED AS ONE OF THE MOST COMPLEX FIGURES OF THE SECOND ABBASID ERA. CLASSICAL HISTORIANS SUCH AS (AL-TABARI, IBN AL-ATHIR, AND AL-MAS'UDI) PRESENTED A DUALISTIC PORTRAYAL OF THIS CALIPH, REFLECTING THE CONFLICT BETWEEN HUMAN MORALITY AND POLITICAL COMPLEXITIES. ON ONE HAND, HISTORIANS OFFER A POSITIVE VIEW, DEPICTING HIM AS A "JUST AND RIGHTEOUS RULER," WHICH IS SEEN AS A MORAL AND POLITICAL TURNING POINT IN HIS CHARACTER.

ON THE OTHER HAND, THE STUDY ADDRESSES THE NEGATIVE AND CRITICAL PERSPECTIVES REGARDING AL-MUNTASIR'S INVOLVEMENT IN THE ASSASSINATION OF HIS FATHER (CALIPH AL-MUTAWAKKIL). HISTORIANS VIEW THIS EVENT AS A PIVOTAL MOMENT THAT TARNISHED THE "SANCTITY OF THE CALIPHATE," SHIFTING THE ROLE OF THE CALIPH FROM A SOVEREIGN DECISION-MAKER TO A SUBORDINATE FIGURE UNDER THE HEGEMONY OF TURKISH MILITARY LEADERS.

USING A HISTORICAL-ANALYTICAL METHOD, THIS RESEARCH DEMONSTRATES THAT HISTORIANS CONSIDER AL-MUNTASIR A VICTIM OF A TRANSITIONAL PHASE IN WHICH THE MILITARY ESTABLISHMENT SEIZED CONTROL OF THE CALIPHATE. THE STUDY CONCLUDES THAT DESPITE CONDEMNING THE ACT OF PATRICIDE, HISTORIANS PORTRAYED HIM AS A CAPABLE AND BENEVOLENT LEADER WHO COULD HAVE REVITALIZED ABBASID AUTHORITY HAD HIS SUDDEN DEATH NOT INTERVENED.

ملخص البحث:

تسعى هذه الدراسة إلى تقديم تحليل تاريخي ونقدي لشخصية الخليفة العباسي الحادي عشر، "المنتصر بالله"، الذي يُعد أحد أكثر الشخصيات تعقيداً في العصر العباسي الثاني. رسم المؤرخون الكلاسيكيون أمثال (الطبري، وابن الأثير، والمسعودي) في تدويناتهم صورة ثنائية لهذا الخليفة، تعكس الصراع بين القيم الأخلاقية والتعقيدات السياسية؛ فمن جهة، تبرز رؤية المؤرخين له كـ "حاكم مصلح"، وهو ما يُفسر كتحول أخلاقي وسياسي في شخصيته.

المحاور الرئيسية للدراسة:الرؤية الإيجابية: يظهر المنتصر في كتابات المؤرخين كحاكم عادل يسعى للخير، وهو ما مثّل بارقة أمل لتصحيح المسار السياسي في وقته.الرؤية النقدية (الجانب المظلم): يتناول البحث الموقف النقدي الحاد للمؤرخين تجاه تورط المنتصر في مقتل والده (الخليفة المتوكل). ويُعتبر هذا الحدث في المنظور التاريخي نقطة تحول أدت إلى خدش "قدسية الخلافة"، وتحويل الخليفة من صاحب قرار سيادي إلى شخصية تابعة تحت هيمنة القادة الأتراك.التأثير النفسي والسياسي: يصف المؤرخون بدقة كيف ألقى هذا العبء النفسي بظلاله على فترة حكمه القصيرة والمضطربة.

نتائج الدراسة:خلصت هذه الدراسة، بالاعتماد على المنهج التاريخي التحليلي، إلى أن المؤرخين اعتبروا المنتصر ضحية لمرحلة انتقالية شهدت تغول المؤسسة العسكرية على مؤسسة الخلافة. وعلى الرغم من إدانتهم لواقعة "قتل الأب"، إلا أنهم صوروه كشخصية كفوءة وذات نزعة إصلاحية، كان بإمكانها إحياء هيبة الدولة العباسية لولا وفاته المفاجئة.

## تێڕوانینی مێژوونوسان بۆ کەسایەتی خەلیفە (منتصربالله)

م.ی. ریڤان غازي احمد	ب. فايزه محمد عزت

زانكۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب	زانكۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب

fayza.izzat@su.edu.krd	rivan.ahmed@su.edu.krd

### پوختە

پوختەی توێژینەوە: تێڕوانینی مێژوونووسان بۆ کەسایەتی خەلیفە مونتەسر بیلا (٢٤٧-٢٤٨ کۆچی)

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شیکردنەوەیەکی مێژوویی و ڕەخنەیی بۆ کەسایەتی یازدەهەمین خەلیفەی عەباسی، "مونتەسر بیلا"، ئەنجام بدات، کە وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین کارەکتەرەکانی سەردەمی دووەمی عەباسی دەناسرێت. مێژوونووسانی کلاسیکی وەک (تەبەری، ئیبن ئەسیر، و مەسعوودی) لە نووسینەکانیاندا وێنەیەکی دووفاقییان بۆ ئەم خەلیفەیە کێشاوە، کە تێیدا ململانێی نێوان ئاکارە مرۆییەکان و ئاڵۆزییە سیاسییەکان ڕەنگدەداتەوە. لە لایەکەوە، تێڕوانینی مێژوونووسان بۆ کەسایەتی تێڕوانینێکی ئەرێنییە کە وەک فەرمانڕەوایەکی چاکەکار" دەردەکەوێت کە ئەمە وەک وەرچەرخانێکی ئەخلاقی و سیاسی لە کەسایەتیدا دەبینرێت.

لە لایەکی ترەوە، توێژینەوەکە باس لەو تێڕوانینە نەرێنییە دەکات کە مێژوونووسان هەیانە سەبارەت بە تێوەگلانی مونتەسر لە کوشتنی باوکی (خەلیفە موتەوەکیل). کە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی قورسیان هەیە بەرامبەر بە کەسایەتیەکەی کە ئەم ڕووداوە لە دیدی مێژوونووساندا وەک خاڵێکی وەرچەرخان دەبینرێت کە تێیدا شکۆی "پیرۆزی خیلافەت" لەکەدار بوو و کەسایەتی خەلیفە لە فەرمانڕەوایەکی خاوەن بڕیارەوە گۆڕا بۆ کارەکتەرێکی پاشکۆ لەژێر هەژموونی سەرکردە تورکەکاندا. مێژوونووسان بە وردی باس لەوە دەکەن کە چۆن ئەم بارگرانییە دەروونی و سیاسییە کاریگەری کردە سەر ماوەی کورت و پڕ لە دڵەڕاوکێی حوکمڕانییەکەی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە بەکارهێنانی میتۆدی مێژوویی-شیکاری، دەری دەخات کە مێژوونووسان مونتەسر بە قوربانیی قۆناغێکی ڕاگواستن دەزانن؛ قۆناغێک کە تێیدا دامەزراوەی سەربازی

دەستی بەسەر دامەزراوەی خیلافەتدا گرت. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە مێژوونووسان، سەرەڕای سەرکۆنەکردنی بۆ پرسی باوک کوشتن، بەڵام وەک کەسایەتییەکی خاوەن توانا و چاکەخواز وێنایان کردووە کە ئەگەر مەرگی کتوپڕی ڕێگەی بدابایە، دەبووە هۆی بوژانەوەی دەسەڵاتی عەباسییەکان. ئەم پوختەیە وەک دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە لێکەوتە سیاسی و دەروونییەکانی ژیانی خەلیفە مونتەسر خزمەت دەکات.

وشە سەرەکییەکان: مونتەسر بیلا، مێژوونووسیی ئیسلامی، خیلافەتی عەباسی، هەژموونی سوپا، دادپەروەری، باوک کوشتن.

## پێشەکی

خیلافەتی عەباسی لە مێژووی ئیسلامیدا بە یەکێک لە گرنگترین و درێژترین قۆناغەکانی حوکمڕانی دادەنرێت، کە تێیدا جیهانی ئیسلامی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە دەسەڵات، سیاسەت و کۆمەڵناسیدا بەخۆوە بینی. ئەگەر سەردەمی یەکەمی عەباسی بە سەردەمی زێڕین و سەقامگیریی دەسەڵاتی خەلیفەکان بناسرێت، ئەوا سەردەمی دووەم کە لە ساڵی (٢٤٧ کۆچی)ـەوە دەست پێ دەکات، بە قۆناغی وەرچەرخان بەرەو لاوازی و هەژموونی سوپا دەناسرێت. لەنێو ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەدا، کەسایەتی خەلیفەکان بووە چەقی سەرنجی مێژوونووسان، چونکە پێگەی خەلیفە لە فەرمانڕەوایەکی خاوەن بڕیارەوە گۆڕا بۆ پێگەیەکی سیمبولی و ئایینی کە لەژێر کاریگەریی هێزە دەرەکییەکاندا بوو.

لە نێوان خەلیفەکانی ئەم قۆناغەدا، کەسایەتی "المنتصر بالله" (٢٤٧-٢٤٨ ک) وەک کارەکتەرێکی جیاواز و پڕ لە مشتومڕ دەردەکەوێت. مێژوونووسان بە دیدگای جیاوازەوە سەیری ژیان و دەسەڵاتی کورتی ئەو دەکەن؛ هەندێک وەک خەلیفەیەکی دادپەروەر و چاکسازیخواز وێنای دەکەن کە هەوڵی دا برینە کۆنەکانی نێوان ماڵی عەباسی و عەلەوییەکان سارێژ بکات، هەندێکی تریش وەک قوربانییەکی پیلانگێڕییە سەربازییەکان و هۆکاری شکانی شکۆی خیلافەت دەبینن بەهۆی تێوەگلانی لە کوشتنی باوکی.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەست، هەوڵێکە بۆ هەڵکۆڵین لە تێڕوانینی مێژوونووسانی کلاسیک و هاوچەرخ سەبارەت بەم خەلیفەیە. مەبەست لێی تەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو شیکردنەوەی ئەو هۆکارە دەروونی و سیاسییانەیە کە وێنەی کەسایەتی مونتەسریان لە کتێبە مێژووییەکاندا کێشاوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر قۆناغێکی هەستیار کە تێیدا پەیوەندی نێوان "دەسەڵاتی سیاسی" و "هێزی سەربازی" دووبارە دارێژرایەوە و کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر پاشەڕۆژی دەوڵەتی عەباسی بەجێهێشت.

### تەوەری یەکەم:

**1.** ناو ڕەچەڵەك و نازناوی:

منتصر باللە (٢٢٢-٢٤٨ك/٨٣٦-٨٦٢ز) ناوی تەواوی ابوجعفر محمدی کوری جعفر متوکل کوری محمد معتصم کوری هارون رشید کوری محمد مهدی کوری عبداللە کوری عباس کوری عبدالمطلب کوری هاشمی قورەیشی هاشمیە یازدەیەمین خەلیفەی عەباسیەکانە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

دایکی کەنیزەیەکی ڕۆمی بووە بە ناوی حەبەشییە . لە سامەرا لە ساڵی ٢٢٢ك/٨٣٦ز لە دایکبووە.( ابن عبد الربە،١٤٠٤ك،٣٧٩/٥)

نازناوي: متوكل لە ساڵی ٢٣٥ك/٨٤٩زبەیعەتی پێدا بۆ جێنشینی و نازناوی(المنتصر) لێنا (الطبري،١١١٩،٩/١٧٥)، ابن الجوزي سێ ڕای گواستۆتەوە (ابو جعفر،ابو عبدالله،ابو عباس)( ١٢،١٩٩٢/٣٥٣).

## 2. ستایش کردنی ئاکار و ڕەوشتی خەلیفە منتصربالله:

لەگەڵ دەرکەوتنی هێزی بیانی و زاڵ بوونیان سەرخەلافەتی عەباسی دا، هۆکارێك بوو بۆ لاوازبونی دەسەڵاتی خەلیفەکانی عەباسی، بەغدا بۆ ماوەی نزیکەی دوو سەدە لەلایەن بوەیهی و سەلجوقییەکان حوکمڕانی دەکرا بۆیە لە پەراوێزی دەوڵەت دابەش بوون زیادی کرد دەوڵەت لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا سەریهەڵدا، بەم جۆرە زایناری لەسەر خەلیفە و جێنشینەکان کەمبوەتەوە مێژوونووسان مەیلیان بۆ باسکردنی هەواڵێ شازادە و سوڵتانەکان و تایبەتمەندییەکانیان هەبووە .

سەبارەت بە ستایشکردنی مێژوونووسان بۆ هەڵسوکەوتی خەلیفەکان لەسەردەمی دووەمی عەباسیدا لە (منتصر)ەوە دەست پێدەکات (٢٣٨-٢٤٧ك/ ٨٦١- ٨٦٣ز)، خەلافەتەکەی شەش مانگ بەردەوام بوو(ابن عبد ربە، ١٩٨٣، ٣٧٩؛ المقريزى، ١٩٩٧، ١١٩/١).

مێژوونووس (الطبري) لە وەسفی خەلیفە المنتصردا ئاماژە بە ووشەی (مهيبا) دەکات، واتە، شکۆمەند، واتە کەسێکە سەرسامی و ڕێزی هەبێـ واتە ئازاو ووریا بێت. کە زیاتر بۆ زیادەڕەوی بەکاردێت ( معجم الوسيط، د.ت، ص١٠٠٢) دەکرێ لە ژیاننامەی خودی المنتصر شایەتحاڵی ڕاستی ئەو سیفەتانەی بدرێ، ئەمەش بەبەڵگەی هەڵوێستەکانی ئەو کاتەی کاتێك تورکەکان کاریان لەسەر کرد وهەوڵیاندا پیلانی بۆ دابنێن، بەڵام نەیاتوانی و پلانەکانیان پوچەڵ دەبوویەوە( ١١١٩، ٢٥٤؛ ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١١/ ٣٥٣).

(المسعودي) لە وەسفی خەلیفە منتصر دەڵێت: ئەو کەسێکی زیرەك و بەتوانا بووە، کەسێ بوو دەیتوانی چۆن پارە خەرج بکات و چۆن سەرف بکات، واتە پارەی بەشتی بێ مانا نەدەدا، پارێزگاری لە پارەی دەکرد، ڕەزیل نەبوو، بەڵام لەو کەسانە نەبوو کە پارەی بەزیادەڕۆیی خەرج بکات(المسعودي، ١٩٣٨، ٣٣٢؛ القضاعي، ١٩٩٥، ٤٥٧).

هەروەها لە کتێبی (مروج الذهب) بەم جۆرە وەسفی خەلیفە منتصر دەکات و دەڵێت (کەسێك بووە بیری فراوان بووە، پتەو ناسراو بووە تامەزۆری چاکە بووە بەخشندە بووە بە ڕەوشت و پاك و خاوێن بووە، ڕەوشتی بەرز بووە زۆر دادپەروەر بووە، بەشێوەیەك هیچ خەلیفەیەك پێش ئەو نەیتوانیوە هاوتای بکات(المسعودي، ٢٠٠٥، ٤/ ١١٠).

مسعودى له كتێبى (مروج الذهب)، وەسفى دەكات دەڵێت كەسێكى بەخشندە بووە(٢٠٠٥، ٤/ ١١٠)، كەچى لە كتێبى (التنبية الإشراف) دەڵێت كەسێك بووە پارێزگارى لە پارەى دەكرد پارەى بەشتى بێ مانا نەدەدا (١٩٣٨، ٣٣٢).

دەتوانین ئەمە بەوە پشتراست بكەینەوە، لەگەڵ كەسێك بەناوى (علي بن يحيا) كە خەلیفە بەخشندە بووە لەگەڵیدا، چونكە خەلیفە هەركە بینیویەتی نیگەران بووە، چونكە ویستویەتی ئەو موڵكەى لە تەنیشت موڵكەكەیەوە بكڕێت، كە بەهیچ شێوەیەك پێویست نەبووە، كەچى خەلیفە تەواوى بڕە پارەكەى پێ دەدات بەبێ ئەوەى داواى پارە بكات لە خەلیفە(المسعودي، ٢٠٠٥، ٤/ ١١٢).

النويري) دەڵێت: منتصر شارەزایی باشی لە گۆرانی وتن هەبووە، كاتێك شیعری دەخوێندەوە فەرمانی بە گۆرانیبێژەكان دەكرد كە بیڵێنەوە كاتێك كە خەلافەتەكەى گرتە ئەستۆ، ئەو وازی لێ هێناو فەرمانی دا كە ئەوەى كردوویەتی پەردە پۆش بكرێت، هەر بۆیە گۆرانیەكانی ئاشكرا نەكران(٢٠٠٤، ١٩٢).

هەروەها (الدواداري) لە وەسفی منتصردا ئاماژە بەوە دەكات كە كەسێكی ڕەوانبێژ و ئەدیب بووە(١٩٩٢، ٢٤٦).

نموویەك لە شعرەكانی:

الذا يأباه الفتى الحر　　　ما للكريم معه صبر

لم يعرق الناس الذي مسني　　　فليس لي عندهم عذر (الزمخشري، ١٤١٢، ٢/ ٣٤٨)

دەگوترێ كە ڕێزدارترینی خەلیفەكان (المنتصر بن المتوكل بن المعتصم بن الرشيد بن المهدي) بووە(الخوارزمي، ١٤١٨، ٤٧٥).

شاعێرێكان ستایشی منتصر دەكات كە ناوی (محمد بن جعفر) دەڵێت:

لقد طال عهدى بالإمام محمد　　　وما كنت أخشى أن يطول به عهدي

فأصبعت ذا بعد وداري قريبة　　　فيا عجبا من قرب داري ومن بعدي

رايتك في برد لانبي محمد　　　كبدر الدجي بين العمامة والبرد (الغزالي، د.ت، ٣٢)

لێرەدا شاعیر ستایشی منتصر دەكات كە دەڵێت تۆم بینی لە پۆشاكی پێغەمبەر محمد (د.خ) وەك مانگی پری شەمو لە نێوان عەمامە و پۆشاكەكەدا.

مێژوونووس (ابن الاثير) كاتێك وەسفی منتصر دەكات دەڵێت: عەقڵێكی تەندروستی هەبوو، خێرخواز بووە زۆر ئارەزووی چاكەی كردووە بەخشندە بووە، سوارچاك بووە، مامەڵەی باش بووە (١٩٨٧، ١٤٩؛ أبي فيداء، د.ت، ٤٢)، سەرنج دەدەین هەموو ئەو وتانەی ئاماژەی پێكردوون نزیكن لە وەسفی مێژوونووس(المسعودى) كە دەڵێت: زۆر خێرخواز بووە، تا مەزۆری چاكە بووە، ڕەوشتی بەرز بووە، مامەڵەی باش بووە(٢٠٠٥، ٤/ ١٠٩)، ئەوەی

زیاتر جەخت لەسەر ئەو سیفەتانەی دەکاتەوە، ئەو گێرانەوەیەیە کە لەیەك لە دانیشتنەکانی منتصر لەگەڵ هاوەڵەکانی باسی کۆمەڵێك بابەت دەکرا یەك لەو بابەتانەش باسی بابەتی (عیشق) بووە، هەروەك چۆن لە کتێبە مێژوویەکان بە ووشەی (عیشق) ئاماژە پێکراوە.

منتصر لەیەك لە هاوەڵەکانی دەپرسێت بەناوی (صالح بن محمد الحديري) ئایا هیچ کاتێك (عاشق) بووی؟ ئەمیش لەوەلامدا دەڵێت: بەڵێ، عاشقی کچێکی کۆیلە بووم لەوکاتەی کە سەردانی رەسافەم دەکرد و دڵم گرتی و کاریگەری لەسەرم بەجێماوە، خەلیفە منتهصر هەر کە وەلامەکەی زانی بەنێردراوی خۆی نامەیەکی نارد بۆ ئەوەی کە ئەم کۆیلەیە بۆ منتصر بهێنن، کاتێك کچەیان هێنا ووتی صالح ئەوەم بۆتۆ هێناوە و مارەیەکەی پێدا(المسعودي، ٢٠٠٥، ٤/ ١١٢).

ئەوەی وریای عەقلی منتصر نیشان دەدات ئەوەیە، کاتێگ جێنشین بووە، رۆژێك لە ئەنجومەنی متوکل باوکی دا لە ساڵی (٢٣٦ك)(ابو الفداء، د.ت، ٢/ ٣٧) دوای ئەوەی متوکل بڕیاری ڕوخانی گۆڕی (الحسين بن علی بن ابی طالب) دا خودا لێی ڕازی بێت، هەروەها ڕووخاندنی خانوەکانی دەوروبەری و ڕێگری کردن لەسەردانی کردنی خەڵك، گاڵتەکردنی خەلیفە متوکل بە خەلیفە (علی بن ابي طالب) بەهۆی ڕق و کینەیەکی زۆر بۆخۆی و خێزانەکەی متوکل دەیخواردەوەو پێدەکەنی، لەگەڵ ئەو کەسانەی دادەنیشت کە بەڕك و کینەیان لە علی ناسرابوون(ابن العبري، ١٩٨٣، ٢٤٧؛ ابن خلدون، ٢٠٠٠، ٣٤٩).

لەم دەقەدا بێباکی متوکل و هەڵوێستی جوانی کوڕەکەی منتصر دەردەکەوێت، شایەنی باسە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ڕوحی مرۆڤ ڕوودەدەن وا دەکەن کەسەکە لە کەسایەتیەکەوە بگۆڕێ بۆ کەسێك کە وەزیرەکانی گاڵتەیان پێ دەکرد، کاتێکیش خەلافەتی گرتە دەست توندو تیژی نیشاندا، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەو بڕە تورەییەی کە لەناوخۆیدا نێژراوە.

لەلایەکی تر (ابن دقماق) لە هەردوو کتێبی (الجوهر الثمين) و (اخبار الدول) ستایشی منتصر کردووە بەوەی کەسێکی شکۆمەندبووە، عەقڵێکی تەواوی هەبووە، زۆر ئارەزووی خێرخوازی هەبوو(١٩٨٢، ١٢٠؛ ١٩٩٢، ١١٨).

(السيوطي) بەهەمان شێوە ستایشی منتصری کردووە، کە عەقڵێکی باشی هەبووە و زۆر ئارەزووی خێرخوازی هەبووە(د.ت، ٣٥١).

## تەوەری دووەم: ستایشکردن و سەرزەنشتکردنی سیاسەتی خەلیفە منتصر باللە:

مێژوونوسەکان بەهەر هۆکارێك بێت ستایش و سەرزەنشتی خەلیفەکانیان کردووە لە ڕووی سیاسەتەوە، منتصر باللە (٢٢٣- ٢٤٨ك/ ٨٣٨- ٨٦٢ز) سەرەتا باوکی بەسەر یەمەن و طائف دەستنیشانی کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گونجاو بووە بۆ دەسەڵات(الزركلي، ٢٠٠٢، ٧٠)، سەبارەت بە نازناوەکەی (ابن الجوزي) بە سێ دەستەواژە دەڵێت: (أبو جعفر، أبو عبدالله، أبو العباس)(ابن العبري، ١٩٨٣، ١٤٢)، هەروەها دەگوترا لەسەر ئەلقەکەی نووسراوە (محمد رسول الله)، ئەلقەیەکی تریشی هەبوو نووسرا بوو (المنتصر باللە)(ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١/ ٢٤٨).

لە ڕووی سیاسەتەوە سەرەای کورتی ماوەی حوکمڕانیەکەی بەڵام هۆشیاری منتصرمان بۆ دەردەکەوێ لەوەی کاتێك منتصر (احمد بن خصيبی) وەك وەزیر دانا کە پێش ئەوەی ببێتە خەلیفە نوسەری خۆی بووە، منتصر بۆی دەرکەوت کە لە پیشەکەی دا کەمتەرخەم بووە، هەڵەی زۆری کردووە، بۆیە پەشیمان بویەوە لەوەی کە کردوویەتی بە وەزیر، (الخطيب البغدادي، ٢٠٠١، ٢/ ٤٨٥). ئەمە نیشانەی ناسەقامگیری لە بڕیاردان وهەبوونی ویژدانێکی ئازار چێژە.

(ابن الطقطقا) پێچەوانەی مێژوونوسەکانی تر بەم جۆرە سەرزە نشتی منتصر دەکات و دەڵێت: (پیاوێکی دڕندە و پیاوکوژ بوو) (١٩٢٧،١٨٠)، ئەوە بەرپرسیاریەتیەکی گەورەتر دەخاتە سەرشانی مێژوونووس کاتێك باس لە سیفەتی کەسێکی دیار دەکات، هەر کەسێك لە ڕوانگەی خۆیەوە خەلیفە دەبینێت و وەسفی دەکات، لەبەر ئەوەی منتصر بە کوشتنی باوکی ناسراوە (المقريزي، ١٩٩٧، ١/ ١١٩).

واتە بۆ شاردنەوەی ئەو ترس و لاوازییەی کە باوکی تێیدا چاندبوو منتصر پەنای بۆ توندوتیژییەکەی بردووە زیاد لە پێویست تاوەکو هێزی خۆی بسەلمێنێت.

هەروەها (النويري) سەر زەنشتی منتصر دەکات و دەڵێت کەسێك بووە توندو تیژ بووە(٢٠٠٤، ٢٢/ ٢١٨). هۆکاری ئەو تەندو تیژییە دەتوانین بگەڕێنینەوە سەر چەند ڕووداوێك ئەمەش ئەوەیە هەندێك جار متوکل جنێوی بە منتصر داوە هەندێك جاریش فەرمانی دەکرد شەقێکی لێبدرێت، وە هەندێك جار هەرەشەی کوشتنی لێ دەکرد(ابن تغري بردي، د.ت، ١/ ١٥٧).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پاشان متوكل لەكۆبونەوەكانی بەئامادەبووانی دەوت: هەمووتان شایەتحاڵ بن كە من (المستعجل المنتصر) لە پۆستەكەی لابردووە، پاشان ڕووی كردە منتصر و وتی: ناوتم ناوە منتصر بەڵام خەڵكەكە لەبەر گەمژەیی ناویان نای (المنتظر)، ئێستاش بوویتە (المستعجل)، ئینجا منتصر فەرمووی: ئەگەر فەرمانت بكردایە ملم لێبدرێت ئەوە بۆمن ئاسانتر بوو لەوەی كە بەرامبەرم دەیكەی(النويري، ٢٠٠٤، ٢٢/ ٢١٣).

ئەم جۆرە هەڵسوكەوتەی باوك دەبێتە هۆی دروستبوونی گرێی ناتەواوی كینەیەكی قووڵ لای كوڕەكەی گۆڕینی نازناوەكە جۆرێك بووە لە تێكشكاندنی دەروونی و گاڵتە پێكردن بە شوناسی كوڕەكەی لەبەردەم خەڵكدا .

هۆكاری سەرەكی تێكچوونی ئەم پەیوەندییە نادادی باوك بووە لەنێوان كوڕەكانیدا متوكل معتزی لە هەردوو كوڕەكانی تر خۆشتر دەویست، ئەویش بەهۆی خۆشەویستەكەی بوو بۆ دایكی معتز كە ناوی (الطبري، ١١١٩، ٥/ ٣٣٥) (قبيحه)(*) بوو.

ئەمەش لای منتصر هەستی پەراوێز خستن و ئیرەیی نێوان برایان دروستكردووە، كە پاڵنەرێكی بەهێزە بۆ ڕق و تۆڵەسەندنەوە.

بۆیە (متوكل) داوای لە منتصر كرد واز لە جێنشینی بهێنێت بۆ معتزی برای بەڵام منتصر ڕەتیكردەوە(ابن تغري بردي، د.ت، ١/ ١٥٧)، ئەم بابەتە كاردانەوەی لەلایەن (متوكل) دروست كرد، لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە جۆرێك لە كینە و ناڕەزایی كاریگەری دەروونی و كەسی لە وتەكەی منتصر دیار بوو، دەتوانین ئەمە لە دەقەكەی دەربهێنن كە دەڵێت: (لو أردت بضرب عنقي كان أسهل على مما تفعله بي) واتە، ئەگەر ویستت سەرم ببڕییت بۆمن ئاسانتر بوو لەوەی كە بەرامبەرم دەكەیت)، ئەمە پێشەكیەك بوو بۆ خێراكردنی ڕوودەكان و كوشتنی متوكل، منتصر لەگەڵ توركەكان ڕێكەوت تا تۆڵەی لێبكەنەوەو بیكوژن، هەستێكی دوژمنیان دروست كرد كە گەیشتە لوتكە، تا ئەو ڕادەیەی كە كوڕەكە ڕق و ناڕەزایی بەرامبەر باوكی هەڵگرێت.

دوای كوشتنی باوكی باری دەروونی گۆڕانی بەسەرداهات، بەجۆرێك كە ئەو ڕۆژەی باوكی لە كۆشكی جعفری كوژرا خەلافەتی گرتە دەست كاتێك لەو كۆشكەدا بەیعەتیان پێ سپێردرا، دوای ئەوە جوڵەی كردوە فەرمانی لەناوبردنی ئەو كۆشكانەی دا(اليعقوبي، ٢٠١٠، ٢/ ٤٥٨).

ئەمەش ئەوە دەردەخات كە چیتر بەرگەی بینینی ئەو كۆشكانە و یادكردنەوەی باوكی نەگرت، پێدەچێت چێژی لە خەلافەت نەبینێت و هەموو شتێكی بابەتی كوشتنی باوكی بیرخستبێتەوە.

سەرچاوەكان باس لەوە دەكەن كە ڕۆژێك لە ماڵەكەی دانیشتووە فەرشەكانی لە گەنجینەكانی باوكی دەرهێنا، بۆیە فەرمانی كرد لە هۆڵەكە دا بڵاوبكرێتەوە لە هەندێك لە فەرشەكاندا بازنەیەكی بینی كە شۆڕشێگرێی تێدا بوو، بەفارسی نوسورا بوو لەسەری، بۆیە داوای لە كەسێك كرد بیخوێنێتەوە، پیاوێك هێنرا و سەیری كرد، ووتی ئەمە هیچ مانایەكی نی

یە، ئەویش پێداگیری لەسەرکرد، ئینجا ووتی نووسراوە بەپێی نووسراوەکە وا دەڵێ، من (شیریە بن کسری بن هەهمن) باوکی خۆم کوشت بۆیە زیاتر لە شەش مانگ چێژم لە شانشینی نەبینی کە ئەم نووسراوەی بۆ خوێندرایەوە ڕوخساری منتصر گۆڕا، فەرمانی دا فەرشەکە بسوتێنرێ(السيوطي، ٢٠٠٤، ٣٥٢).

هەروەها لەم بارەیەوە باس لەوە دەکرا کە کاتێك ڕووداوی کوشتنی باوکی بیری دەهاتەوە، ئەندامەکانی لەشی دەلەرزی لە ترس، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو خەونە دوبارە بووانەی دەبینی کە باوکی هەڕەشەی لێدەکرد کە چارەنووسی دۆزەخ دەبێت(ابن دحية، د.ت، ٨٥).

ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ویژدانی ئازاری داوە و هەمیشە لە ژێر فشاری ئەو تاوانەدا بووە کە ئەنجامیداوە.

بەپێی توێژینەوە دەروونناسەکان هەستکردن بە کەمتەرخەمی دیاردەیەکی سۆزدارییە کە هەموو کەسێکی ئاسایی لە زۆر بارودۆخی ژیانی ئاسایی خۆیدا هەست پێی دەکات، بە بێ گوێدانە تەمەنێکی دیاریکراو، ئەم هەستە لەوانەیە سنوری ئاسایی تێپەرێنێت بگۆڕێت بۆ تایبەتمەندی کەسایەتییەکی نەخۆش، کەسی خاوەن ئەم تایبەمەندییە هەمیشە پەنا بۆ رێگەی شاراوە دەبات کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت لە رکابەرەکەی بباتەوە، بۆیە هەوڵ دەدات تا بەسەر ئەوانی تردا سەرکەوتوو بێت، ئەم ئارەزووە لەگەڵ گەشەکردنی کەسەکەدا گەشە دەکات هەمیشە بەدوای سەرکەوتن خەبات دەکات، ململانێی ئەو بۆ گواستنەوەی خۆی لە ناتەواوییەوە بۆ کامل بوون کۆتایی نایەت، ئەگەر ڕووبەڕووی سەختی و ئاستەنگی بوویەوە، لەلایەن کەسانی ترەوە، ئەمە بەرەو تورەیی دەیبات، کە لە ئەنجامدا ڕەفتاری دوژمنکارانە دروست دەبێت(ادلر، ٢٠٢٠، ٥٧- ٦١؛ ماكبرايد، د.ت، ١١- ١٢؛ شلبي، ١٩٥٤، ٢٦٨).

(الغزالی) دەڵێت: خەلیفە منتصر باللە باوکی خۆی کوشت کە متوکل بوو دوای ئەو حوکمڕانی گرتە دەست، البحتری لە شعرێکدا ئاماژ بەو کارەساتە دەکات و دەڵێت:

أكان وكلي العهد أخظهر غدره؟ فمن عجب أن ولي العهد غادره

باس لەوە دەکات لە شازادەی جێنشین خیانەتەکەی خۆی نیشان دابوو، هەروەها (الغزالي) دەڵێت: منتصر باللە لە بری ئەوەی بچێتە زیندان تەختی پاشایەتی وەرگرت و تا جەکەی لەسەری دانا لە بری ئەوەی چەقۆی لێ بدرێت، تا ئێرە چیرۆکەکە لەوە زیاتر مانای نییە کە تاوانبارێك دەست بەسەر دەسەڵاتەکەی گرتووە و ئەمەش داهێنانێك نییە لە مێژووی سیستەمی سیاسیدا، بەڵام ئەوەی کە ڕوح بێزار دەکات ئەوەیە کە پیاوێکی بکوژ، پۆشاکی پێغەمبەرایەتی لەبەردایە و بە فەرماندەی ئیمانداران دادەنرێت(د.ت، ٣٢).

هەروەها (ابن دحیە) لە وەسفی منتصردا دەڵێت: (کەسێك بووە لە مامەڵە کردن خراپ بووە، بەپارە بەخشندە نەبووە(د.ت، ٨٥).

ئەوەی جەخت لەسەر ئەو سیفەتانەی دەکاتەوە، دوورکردنەوەی هەردوو براکەی بووە لە پۆستی جێشینی (معتز و ابراهیم) کە متوکل بەنامە بەڵێنامەیان بۆ گرتبوو، واتە خەلیفە مافی سروشتی خۆیان لێسەندەوە (المسعودي، ٢٠٠٥، ٤/ ١١٠؛ ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٢/ ٣).

ئەگەر بێتو بێینەوە سەر تێروانینی مێژوونوس (غەزالی) سەبارەت بەمنتصر کە دەڵێت منتصر لە بری ئەوەی بچێتە زیندان تەختی پاشایەتی وەگرت، تا جەکەی لەسەری دانا.

ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی ئیسلامی هەرە لەسەردەمی ئومەوییە (٤١- ١٣٢ك/ ٦٦١- ٧٤٩ز) خەلافەت لە رێگەی معاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان(*) گەیشتە دەستی ئەمەوییەکان، کاتێك حەسەنی کوڕی عەلی کوڕێ ئەبی طالب دەستبەرداری بوو بۆ ئەوەی خوێنی موسڵمانان بپارێزیت، هەروەها بەهۆی خیانەتەکەی شوێنکەوانی(القضاعي، ١٩٩٥، ٣٨٦- ٣٨٧؛ القلقشندي، د.ت، ١٠٩/١)، هەروەها پاشان معاویەی کوڕی یەزیدی بووە جێنشین، هەرچەندە یەکێك لە مەرجەکانی ئاشتی نێوان حەسەن و معاوییە کە دوای معاویە حسن شوێنی بگرێتەوە، بەڵام ئەم مەرجە جێبەجێ نەکرا، کە واتە معاویەش دەبوایە بخرێتە زیندان لەبەرئەوەی مەرجی پەیمانەکەی جێبەجێنەکردووە. (ابن خلدون، ٢٠٠٠).

ئەم کەسایەتیە نمونەیەکە لەوەی چۆن پەروەردەی هەڵە و سوکایەتی باوك دەبێتە هۆی دروستکردنی (ستەمکارێکی نوێ )کە لەناو خۆیدا تیکشکاوە ، منتصر هەرچەندە گەیشتە لوتکەی دەسەڵات، بەڵام نەیتوانی لەو زیندانە دەروونییە ڕزگاری بێت کە باوکی بۆی دروستکردبوو.

کۆچی دوایی :

تەبەری ـــ کە یەکێکە لە هاوچەرخەکانی ئەو ـــ چەند گێڕانەوەیەکی سەبارەت بە کۆچی دوایی خەلیفە ئەلمونتەسیر بیللا باس کردووە و بە چەند ئاماژەیەک دەستی پێ کردووە، دەڵێت: (لەو کاتەوەی خەلافەتی کەوتە دەست، بەردەوام دەمبیست خەڵکی دەیانوت: تەمەنی تەنها شەش مانگ دەبێت، وەک تەمەنی "شیرۆیە کوڕی کیسرا" کە باوکی خۆی کوشت؛ ئەم قسەیە لەسەر زمانی گشتی و تایبەتی خەڵک بڵاو بووبووەوە).

هەروەها لە "یوسری خزمەتکار"ەوە ـــ کە وەک باس دەکرێت بەرپرسی گەنجینەی ماڵی (بیت المال)ی ئەلمونتەسیر بووە ـــ هاتووە کە وتوویەتی:

ڕۆژێک ئەلمونتەسیر لە سەردەمی خەلافەتەکەیدا لە هۆڵەکەیدا نوستبوو، لەپڕ بە خەبەر هات و دەستی کرد بە گریان و هاوار. دەڵێت: ترسام پرسیاری لێ بکەم، بۆیە لە پشت دەرگاکەوە وەستام، لەو کاتەدا "عەبدوڵای کوڕی عومەری بازیار" * گەیشت و گوێی لە دەنگی گریان و کوڵوکۆی خەلیفە بوو. پێی وتم: "وەیلت بێت ئەی یوسرا! چییەتی؟" پێم وت کە نوستبوو و بە گریانەوە بەئاگا هات.

چوونه لای و عەبدوڵا پێی وت: "ئەی پێشەوای بڕواداران، چیتە؟ خودا چاوەکانت نەگریێنێت"!

وتی: "لێم نزیک بەرەوە ئەی عەبدوڵا." کاتێک نزیک بووەوە، پێی وت: "خەوم دەبینی، وەک بڵێی ئەلموتەوەکیل (باوکی) هاتە لام و پێی وتم: وەیلت بێت ئەی محەمەد! منت کوشت و ستەمت لێ کردم و لە خەلافەتەکەمدا فێڵت لێ کردم؟ سوێند بە خوا لە دوای من تەنها چەند ڕۆژێکی کەم چێژی لێ نابینیت، پاشان سەرئەنجامت بۆ ئاگر دەبێت. منیش بە ترسەوە بەئاگا هاتم و ناتوانم ڕێگری لە فرمێسک و دڵتەنگییەکەم بکەم".

عەبدوڵا پێی وت: "ئەمە تەنها خەونێکە، خەونیش هەم ڕاست دەبێت و هەم درۆ، خودا تەمەنت درێژ بکات و دڵخۆشت بکات؛ ئێستا داوای شەراب بکە و خەریکی کات بەسەربردن بە، بایەخ بەم خەونە مەدە".

ئەویش وای کرد، بەڵام تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد، هەر بە دڵشکاوی مایەوە.( الطبري،١٤٠٧ك،٢٥٢/٩).

"وتراوە کاتێک نەخۆشییەکەی لێی توند بوو، خەڵکی گشتی چوونە لای بۆ لێپرسینەوە لە حاڵی، ئەویش وتی: (دونیا و ئاخرەتم لەدەست چوو)".

"باسکراوە کاتێک مردن ئامادە بوو (سەرهاتی مەرگی هات)، وتی:

فما فرحت نفسي بدنيا أخذتها ... ولكن إلى الرب الكريم أصير

وما كان ما قدمته رأي فلتة ... ولكن بفتياها النهار منير

واتە: نەفسم بەو دونیایەی وەرمگرتبوو دڵخۆش نەبوو... بەڵکو من بەرەو لای پەروەردگاری بەخشندە دەچم ئەوەی پێشکەشم کردبوو ڕایەکی سەرپێیی و لەپڕ نەبوو... بەڵکو بە فەتواکەی، ڕۆژ ڕووناک دەبێتەوە .

کۆچی دوایی لە سامەرا بوو، و (المستعين) ئەحمەدی کوڕی محەمەدی ئەلموعتەسیم نوێژی لەسەر کرد، و هەر لەوێش بەخاک سپێردرا. وتراوە کە ئەو یەکەم خەلیفەی بەنی عەباسە کە گۆڕەکەی ناسراو بێت."( الطبري، ١٤٠٧ك،٢٥٤/٩).

دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەی کە تایبەت بوو بە "تێڕوانینی مێژوونووسان بۆ کەسایەتی خەلیفە مونتەسر بیلا"، گەیشتینە ئەم ئەنجامە سەرەکییانەی خوارەوە:

١ .کەسایەتییەکی وەرچەرخان: توێژینەوەکە دەریخست کە خەلیفە مونتەسر تەنها فەرمانڕەوایەک نەبووە، بەڵکو هێمای گۆڕانی خیلافەتی عەباسی بووە لە قۆناغی "سەربەخۆیی بڕیار"ەوە بۆ قۆناغی "کەوتنی ژێر کاریگەریی سەربازی"، کە ئەمەش بووە هۆکاری لاوازبوونی پێگەی خەلیفە لە سەردەمەکانی دواتردا.

٢ .هاوسەنگی لەنێوان ئایین و سیاسەت: مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە مونتەسر خاوەن کەسایەتییەکی لێبوردە بووە. بڕیارە مێژووییەکانی لە بارەی چاکسازی و لابردنی ستەم لەسەر نەوەکانی ئیمامی عەلی، وەک هەوڵێک دەبینرێت بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی شەرعییەتی ئایینی و جەماوەری بۆ دەزگای خیلافەت.

٣ .قوربانیی هەلومەرجی سیاسی: لە ڕوانگەی مێژوونووسانەوە، مونتەسر قوربانیی ئەو ململانێیە بوو کە لە نێوان دامەزراوەی خیلافەت و سەرکردە تورکەکاندا هەبوو. هەرچەندە بە "باوک کوشتن" تۆمەتبار دەکرێت، بەڵام زۆرێک لە مێژوونووسان وەک کارەکتەرێکی "ناچار" یان "پاشکۆ" وێنایان کردووە کە نەیتوانیوە لەژێر هەژموونی سوپا دەرباز بێت.

٤. کاریگەریی مەرگی پێشوەختە: توێژینەوەکە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کورتیی ماوەی دەسەڵاتی مونتەسر (٦ مانگ) ڕێگر بوو لەوەی کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی وەک چاکسازیخوازێک بە تەواوی دەربکەوێت. مێژوونووسان کۆچی دوایی ئەو وەک کۆتاییهاتنی دوایین دەرفەت بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ بەغدا لەو سەردەمەدا دەبینن.

بە کورتی، کەسایەتی مونتەسر لە مێژوونووسیی ئیسلامیدا بە تێکەڵەیەک لە "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی" و "شکستی سیاسی" وەسف کراوە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە پڕ لە کێشمەکێشەیە کە دەوڵەتی عەباسی پێیدا تێپەڕ دەبوو.

## پەراوێزەکان

(*) معاویەی کوڕی ئەبو سفیان: یەکەم خەلیفەی ئەمەوییەکانە (٤١- ٦٠ك/ ٦٦١-٦٨٠ز) پایتەختی خەلافەتی گواستەوە بۆ دیمەشق، سیستەمی جێنشینی بۆ ماوەیی بۆ نەوەکانی (البعلبكي، ١٩٩٢، ٤٢٧)

(*) قبیحە، کۆیلەی خەلیفەی متوکل و دایکی کوڕەکەی المعتز محمد بەهۆی و جونی و خۆشەویستیەکەی ناوی ناوە (قبيحة) بەو ناوە بانگی دەکرد، متوکل لە ساڵی (٢٤٧ك/ ٨٦١ز) کوژرا (موسى، ١٩٦٦، ٧٨).

* ناوی تەواوی شیرویە بن أبرويز بوو، کەو ناوی قوباد بووە و، شیرویە نازناوی بووە، یەکێ: بوو لە پاشاکانی ساسانییەکان و باوکی و ژمارەیەك لە خزمەکانی کوشت و لەسەر تەخت شانشینی دانیشت ماوەیەکی کەم حوکمڕانی کردووە کۆچی دوایی کرد (ابو حنيفه الدينوري، ١٩٦٠، ١٠٧- ١١٠؛ الفردوسي، ١٩٩٣، ٢٥١- ٢٥٧).

*عبدالله بن عمر بازيار : یەکێك بوو لە سەرکردەکانی متوکل لەگەڵیدا چوو بۆ دیمەشق لە ساڵی ٢٤٣ك/٨٥٧ز. (ابن عساكر، ١٩٩٥،٣١/٢٣٤).


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

## ليستى سەرچاوەكان


- ابن دحيه (د.ت)، النبراس في تاريخ خلفاء بني العباس، د.م.
- ابن الاثير (١٩٨٧)، الكامل في التاريخ، تحقيق: ابى الفداء عبدالله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت.
- ابن الجوزي (١٩٩٢)، المنتظم، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.
- ابن الطقطقا. الفخري في الاداب السلطانية،مطبعة الرحمانية بمصر،١٩٢٧.
- ابن تغري بردي (د.ت)، مورد اللطاقة في من ولى السلطنة والخلافة، تحقيق: نبيل محمد عبدالعزيز، دار الكتب، القاهرة.
- ابن خلدون (٢٠٠٠)، تاريخ ابن خلدون، تحقيق: خليل شعادة، دار الفكر، بيروت.
- ابن دحية (د.ت)، النبراس في تاريخ خلفاي بني العباس، صححه: عباس الغزاوى، د.م.
- ابن دقماق (١٩٨٢)، الجوهر الثمين في سيرة الخفاء والملمك والسلاطين، تحقيق: سعيد عبدالفتاح عاشور، مملكة العربية السعودية، جامعة أم للقرى، د.م.
- ابن دقماق (١٩٩٢)، اخبار الدول واثار والاول، تحقيق: فهمي سعيد، عالم الكتب، د.م.
- ابن عبد ربه (١٩٨٣)، العقد الفريد، تحقيق: عبدالمجيد الترحييني، دار الكتب العلمية، لبنان.
- ابن عساكر، تاريخ دمشق، تحقيق: عمرو بن غرامة العمروي،دار الفكر، بيروت، ١٩٩٥.
- ابو حنيفة الدينوري، أخبار الطوال، تحقيق: عبد المنعم عامر،دار احياء كتاب العربي، القاهرة،١٩٦٠.
- أبي الفداء (د.ت)، المختصر في أخبار للبشر، مكتبة التنبي، القاهرة.
- ادلر (٢٠٢٠)، الحياة النفسية تحليل علمي لشخصية الفرد، تر: محمد بدران، الاهيلة لنشر والتوزيع، الاردن.
- البعلبكي (١٩٩٢)، معجم أعلان المورود، موسويى تراجم لأشهر الاعلام العرب والاجانب القدامي والعهد ثين مستقاة من موسوعة المورود، ط١، دار العلم الملايين، بيروت.
- الخطيب البغدادي (٢٠٠١)، تاريخ بغداد، تحقيق: محمد بن اسعاق، دار الغرب الاسلاني. د.م.
- الخوارزمي (١٤١٨)، مفيد العلوم و مبير العموم، المكتبة العصرية، بيروت.
- الزركلي (٢٠٠٢)، الأعلام، دار العلم الملايين، بيروت.
- الزمخشري (١٤١٢)، ربيع الابرار ونصوص الأخبار، مؤسسة الاعلمي، بيروت.
- السيوطي (٢٠٠٤)، تاريخ الخفاء، تحقيق: حمدي دمرادش، ط١، مكتبة نزار مصطفى الباز، بيروت.
- شلبي (١٩٥٤)، قصور الخلفاء العباسيين، مطبعة مخيمر، القاهره.
- الطبري (١١١٩)، تاريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد أبو الفضل ابراهيم، دار معارف بمصر، مصر،
- الغزالي (د.ت)، الاسلام والاستبداد السياسي، دار الكتاب العربي، د.م.

- الغزالي (د.ت)، السلام والستبداد الشياسي، دار الكتاب العربي، د.م
- الفردوسي (١٩٩٣)، الشاهنامة، تحقيق: عبدالوهاب غدام، ط٢، الهيئة المصرية العامة، اللكتاب، د.م.
- القضاعي (١٩٩٥)، تاريخ القضاعي كتاب العيون المعارف وفنون أخبار الخلاف، تحقيق: مصري جميل، جامعة أم القري، مكة مكرمة.
- القضاعي (١٩٩٥)، عيون المعار وفنون أخبار الخلائف، تحقيق: جميل عبدالله محمد المصري، مكتبة ملك الفهد الوطنية، د.م.
- القلقشندي (د.ت)، مأثر الإنافة، تحقيق: عبدالستار احمد، عالم الكتب، بيروت،
- ماكبرايد (د.ت)، مركب النقص والعقد النفسية أسبابها وعلا جهماو تر: حلمي مراد، المؤسسة العربية الحديثة للطبع والنشر والتوزيع، د.م.
- المسعودي (١٩٣٨)، التنبية والاشراف، تصحيح: عبدالله السماعيل، مكتبة النشر الاسلامية، د.م.
- المسعودي (٢٠٠٥)، منشورات، تحقيق: محمد على بيضون، دار الكتب العلمية، بيروت،
- المقريزي (١٩٩٧)، السلوك المعرفة للدول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.
- موسى، خيرالله محمود (١٩٦٦)، مهذية للدوحة الفيماء في اعلام النساء، تحقيق: رجاء محمود السامرائى، دار الجمهورية، بغداد،
- ابراهيم انيس، معجم الوسيط، شبكة كتب الشيعة، د.ت،ج٢.
- النويري (٢٠٠٤)، نهاية الادب في فنون الادب، تحقيق: عبدالمجيد ترحيني، دار الكتب العلمية، بيروت.
- اليعقوبي (٢٠١٠)، تاريخ اليعقوبي، تحقيق: عبدالامير مهنا، ط١ الاعلمي للمطبوعات، بيروت.

List of sources

 Ibn Dahiya (D.T.), Al-Nabras in the History of the Caliphs of Ibn al-Abbas, D.M.

 Ibn al-Athir (1987), Al-Kamil in History, Research: Abi al-Fada' Abdullah al-Qazi, Dar al-Kitb al-Ulamiyah, Beirut.

 Ibn al-Jawzi (1992), Al-Muntazim, Tahqiq: Muhammad Abdul Qadir Atta, Dar al-Kitb al-Ulamiyah, Beirut.

 Ibn al-Taqtaqa. Al-Fakhri fi al-Adab al-Sultaniyah, Al-Rahmaniah Printing House, Egypt,

 Ibn Taghri al-Bardi (D.T.), About the Attachment in the Wali of the Sultanate and the Caliphate, Research: Nabil Muhammad Abdul Aziz, Dar al-Kitb, Cairo.

 Ibn Khaldun (2000), Tarikh Ibn Khaldun, Tahqiq: Khalil Shaada, Dar al-Fakr, Beirut.

 Ibn Dahiyah (D.T), Al-Nabras in the History of the Caliphs of Bani al-Abbas, Sahih: Abbas al-Ghazawi, D.M.

 Ibn Daqmaq (1982), Al-Jawhar al-Thameen in the Sirah of al-Khafa', al-Mulk al-Salatin, Research: Saeed Abdul Fattah Ashur, Saudi Arabia, Umm al-Qari University, D.M.
 Ibn Daqmaq (1992), Akhbar al-Dawl wathar wa al-wal, research: Fahmi Saeed, Alam al-Kitb, D.M.
 Ibn Abdul Rabbah (1983), Al-Aqd al-Farid, Research: Abdul Majid al-Tarhibni, Dar al-Kitb al-Ulamiyah, Lebanon.
 Ibn Asakr, Tarikh Damascus, Research: Amr ibn Gharamah al-Amrowi, Dar al-Fakr, Beirut,
 Abu Hanifa al-Dinuri, Akhbar al-Tawal, research: Abdul Mun'im Amer, Dar Ahya' al-Kitab al-Arabiya, Cairo,
 Abi al-Fada' (D.T), Abstract in News for Mankind, Al-Tanbi Library, Cairo.
 Adler (2020), Psychological Life Scientific Analysis of Individual Personality, other: Mohammed Badran, Al-Ahila Publishing and Distribution, Jordan.
 Al-Baalbaki (1992), Dictionary of Al-Murood Proclamations, Mousavi Translation of the Arabic Proclamation Months and the Old Testament and the Three Quotes from Al-Muroud Encyclopedia, Vol.
 Al-Khatib al-Baghdadi (2001), History of Baghdad, Research: Muhammad ibn Ishaq, Dar al-Gharb al-Islani. D.M.
 Al-Khwarizmi (1418), Mufid al-Ulum wa Mubir al-Ummum, Al-Muktabah al-Asriya, Beirut.
 Al-Zarkali (2002), Al-Alam, Dar Al-Ulam Al-Malayin, Beirut.
 Al-Zumkhshri (1412), Rabi' al-Abrar and News Writings, Practical Institute, Beirut.
 Al-Suyuti (2004), History of Hiding, Research: Hamdi Damradsh, Vol. 1, Nizar Mustafa Al-Baz Printing House, Beirut.
 Shalbi (1954), The Faults of the Abbasid Caliphs, Mukhmar Printing House, Cairo.
 Al-Tabari (1119), Tarikh al-Rasl wa al-Maluk, Tahqiq: Muhammad Abu al-Fadl Ibrahim, Dar Ma'arif Bamsar, Egypt,
 Al-Ghazali (D.T.), Islam and Political Tyranny, Dar al-Kitab al-Arabiya, D.M.
 Al-Ghazali (D.T.), Peace and Political Struggle, Dar al-Kitab al-Araby, D.M
 Al-Furoudsi (1993), Al-Shahnama, Tahqiq: Abdul Wahab Ghadam, Vol.
 Al-Qada'i (1995), Tarikh al-Qada'i, Book of the Eye of Knowledge and Art of Knowledge of the Caliphate, Research: Egyptian Jamil, Umm al-Qura University, Mecca.
 Al-Qada'i (1995), Eyes of Standards and Art of Caliphate News, Research: Jamil Abdullah Mohammed Al-Masri, King Al-Fahad National Library, D.M.
 Al-Qalqshandi (D.T), Works of Healing, Research: Abdul Satar Ahmed, World of Books, Beirut,

-  McBride (D.T.), Compound of Deficiency and Psychological Contract Causes and Other Causes: Helmi Murad, Arab Hadith Foundation for Printing, Publishing and Distribution, D.M.
-  Al-Masudi (1938), Prophethood and Ashraf, edited by Abdullah al-Ismael, Islamic Publishing House, D.M.
-  Al-Masudi (2005), Publications, Research: Mohammed Ali Bayzoun, Dar al-Kitb al-Ulamiyah, Beirut,
-  Al-Muqrizi (1997), The Knowledge Behavior of the Kingdoms, Research: Mohammed Abdul Qadir Atta, Dar al-Kitb al-Ilamiyah, Beirut.
-  Musa, Khairullah Mahmoud (1966), Introduction to the Doha of Al-Fima in Women's Media, Research: Raja Mahmoud al-Samarai, Dar al-Jumhouria, Baghdad,
-  Ibrahim Anis, Dictionary of Al-Wasit, Shiite Book Network, DT, Vol.
-  Al-Nawairi (2004), The End of Literature in the Art of Literature, Research: Abdul Majid Tarhini, Scientific Library, Beirut.
-  Al-Yaqubi (2010), Tarikh al-Yaqubi, Research: Abdul Amir Mahna, Vol.